
# ڕەوایەتی سێبەرەکان لە وێنەکانی جەمشید فەرەجوەندی فەردا

د. مەسعوود بینەندە




کتێب: شەبەنگی کوردستان(کۆبەرگێک لە وێنەکانی جەمشید فەرەجوەندی فەردا)

چاپ و بڵاوکردنەوە: توێژینگەی کوردستانناسی و ناوەندی بڵاوکردنەوەی زانکۆی کوردستان

چاوەدێری و نووسینی پێشەکی: د.مەسعوود بینەندە

هەڵبژاردنی وێنەکان: د.خەسرەو سینا و سالم سەڵەواتی

دیزاینی ڕووبەرگ: ئەمیر کەریمیان

وەرگێڕانی بەشی کوردی: ئارەش مێهرەبان



فۆتۆگرافی بە پێچەوانەی وێنای گشتی و باو، بەرهەمی گەشەی ئامێرەکان بۆ تۆمارکردن و وێنەهەڵگرتن لە جیهانی واقیع نییە، بەڵکوو بەرهەمی کەلێن و دابڕانی ڕەوتی نواندنەوەی واقیعە(representation of reality). هۆدەی تاریک(camera obscura) لە سەرەتاکانی سەدەی هەژدەدا ئامێرێکی ئۆپتیکاڵ بوو کە بەپێی تیشکناسیی هەندەسی بانگەشەی تۆمارکردنی "واقیع"ی بەو چەشنەی کە "هەیە" دەردەبڕی. هەر بۆیە لەو قۆناغەدا ئەزموونی بینایی(vision) لەگەڵ سەرچاوەی واقیع و هەستەوەری ساوانی(haptic)، وەکوو جاران پەیوەندییەکی بنەمایی هەبوو.

ئەوەی وەکوو شۆڕشی فۆتۆگرافی دەناسرێت بە وتەی **جاناتان کارێری**(١٣٩٩) لە ئاکامی "جیاکردنەوەی بینایی لە ساوانی(لامسە) بەشێوەیەکی بنەڕەتی، سەری هەڵدا؛ جیاکردنەوەیەک کە توانی لە ڕێگای ئەبستراکتبوونی بینایی و گونجاندنی لە نێو کۆمەڵێک لە تەکنیکەکاندا، ناوەرۆکی بینایی تووشی  گۆڕین و بەرهەمهێنانەوە بکات"(ل ١٦). دەکرێت "ئاڵوگۆڕی بنچینەیی پەیوەندیی مرۆڤ لەگەڵ جیهان لە ڕێگای بینایی"یەوە(هەمان، ل ١٩) وەکوو لێکەوتە و پاشهاتی شۆڕشی کۆپێرنیکیی فۆتۆگرافی بزانین، کە لەوێوە بینایی وەکوو دیاردەیەکی سەربەخۆ لە بینەر، گۆڕدرا بۆ فۆرمێکی دەرهەست و ڕووت(abstract)، هەروەها چەندایەتی و ئاڵووێرکارانە. ئەم شێوازە لە بینایی هاوکات کە "واقیع"ی وەکوو خۆی تۆمار دەکرد، بەکردەوە بەشێ لە "ڕەوتی قەیرانی نواندنەوە"ی بە ئەنجام دەگەیاند. سەرهەڵدانی نیگارکێشانی ئێمپێرسیۆنیست و پۆستئیمپێرسیۆنیست لە نیوەی دووهەمی سەدەی نۆزدەهەمدا کە لە مەبەستی مێژوویی نیگارکێشی، واتە نەخشاندن و نواندنەوەی واقیع(بەو چەشنەی کە لە ئارادایە)، پاشگەز ببوونەوە لە ڕاستیدا دژکردەوەیەک لە هەمبەر هێزی فۆتۆگرافی بۆ"وێنەگرتن لە واقیع" نەبوو بەڵکوو بەرهەمی ئەو گۆڕانکارییانە بوو کە ئەنجامیان بەرەوە قەیرانی نواندنەوە و داڕشتنەوەی واتای ڕیالیزم پێی هەڵدەنا.

لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەمدا جوولە و ئاڵوویری وێنەی خۆسەر، ئاماژەی دەدا بە سەرهەڵدانی بینەر و شێوازێکی نوێ لە سووژە، کە "سیستەمی سەرانسەربینی بینایی[1]"ی لەگەڵ "کۆمەڵگەی نواندن[2]"ی **گی‌دێبۆر** مۆتۆربە دەکرد. سووڕاندنەوەی بێ‌سنووری هێما و کاڵا و بەرفراوانبوونی بێ‌بەربەستی نیشانەکان، سووژەیەکی جەستەمەند و دیدەوەرانەی هێنایە پێش چاو کە هەم وەکوو ئۆبژەی دەستەمۆیی و هەم وەکوو سووژەیەک بۆ بینایی سوبژێکتیڤ و تێگەیشتنی خۆبەڕێوەبەر دەهاتە خەملاندن. لە ئاوەها کەش‌وهەوایەکدا بە وتەی **واڵتێر بێنیامین** هیچ دەسڕاگەیشتنێکی تەواو و بێ‌گەرد بە شتێکی تاک لە ئارادا نییە و بینایی هەردەم وەکوو دیاردەیەکی چەندلایەنە و پلۆرال خۆ دەنوێنێت. جیهان لە هیچ کاتێکدا وەکوو ئامادەبوون و لە شێوازی حوزووردا خۆی دەرناخات و سووژە چ لە پێگەی بینەری فۆتۆگرافی و چ لە پێگەی پیاسەکەرێکی چاوبگێڕدا بەردەوام وەکوو شوناسێکی ناڕوون و کەلێن‌تێکەوتوو بەرهەم دەهێنرێتەوە.



لەگەڵ سەرهەڵدانی فۆتۆگرافیدا، ئەم پرسیارە سەرەکییە هاتە ئاراوە کە "وێنە چۆن هەڵدەسووڕێ؟". **ڕۆزالیند کراس**(١٤٠٠)، ململانێی بابەتی بینراو (the seen) و بابەتی دیدەوەرانە (the visible) لەم ڕەوتەدا دەخاتە بەر باس و دەڵێ:"دیدەوەرانەبوون، بەردەوام ئێمە لە هەمبەر بابەتی بینراو دادەنێت لە حاڵێکدا ئەوەی نەبینراو دەمێنێتەوە، خودی بابەتی دیدەوەرانەیە. کەوایە لێرەدا جیاوازیی نێوان بەئەنقەست نەبینراوی و شاراوەیی لە ئارادا نامێنێت."(لە زاری دهقانی، ل ١١) واتای ئەم ڕستەیە ئەمەیە کە سنووری بابەتی بینراو واتە ئیزن بە بینران و نەبینرانی شتێک لە لایەن سیستەمی زاڵی دەیدەوەرانەوە دیاری دەکرێت، هەر بۆیە ئەوەی دەبینرێت تەواوی ئەو شتە نییە کە بوونی

1 سەرانسەربین(Panopticon) شێوازێکی بیناسازی بوو کە لە لایەن "جێرێمی بەنتام"ەوە گەڵاڵە کرا و دواتر میشێل فۆکۆ بۆ وەسفی تەکنۆلۆژیای مۆدێڕنی چاوەدێری لە بەرهەمەکانیدا کەڵکی لێ گرت.

2 کتێبی «کۆمەڵگەی نواندن» لە نووسینی گەی دبور(١٩٣١-١٩٩٤) کە بە شێوەی ئافۆریستی و لە ستایلی ئێسەی فەلسەفی و ئەدەبیدا نووسراوە، لە ساڵی ١٩٦٧ لە پاریس هاتە وەشاندن. دبور کۆمەڵگەی نواندنی وەکوو شێوازێکی مێژوویی «لەخۆنامۆیی لە کۆمەڵگەی هاوچەرخ» دەزانی و لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە سەرمایەداری زۆرتر لە کاڵاکانی، نیشانەکانی بە جیهان دەفرۆششێت.

هەیە و ئەوەش کە نابینرێت بە شاردنەوەیەکی ئاسایی پەردەپۆش نەکراوە بەڵکوو نەدید کراوە و تەنانەت بە لەقاودان و خۆیاکردنی ئەو بابەتە نایەتە پێش چاوان و نابێتە مژاری بینایی هەمووان[3].

دووربینی فۆتۆگرافی بە وتەی **ژاک ڕانسیەر**(١٣٩٣) وەکوو دابەشکردنی بابەتی بەرهەست( distribution of the sensible) لە ڕێگای کردەوەی جوانناسانەوە، شکڵ و فۆرمەکانی دیدەوەرانە و نادیدەوەرانە دابین دەکات و دەست دەخاتە نێو پەیوەندییەکانی هەبوون و شێوازەکانی بینین(ways of seeing) و بەم چەشنە ڕیزبەندی و ئاڕاستەیان دەگۆڕێت(ل ٣٩). ئەم پەیوەندییانە دەرفەتێک دەبەخشێت بە **کێوین کارتێر**[4]، وێنەی کچۆڵەیەکی ئەفریقی بهێنێتە پێش چاوی هەموو جیهان، کچۆڵەیەک کە لە برساندا لە ئاستی مردندایە و داڵەلاشەخۆرێک لە تەنیشتییەوە چاوەڕوانی مردنی دەکات. بەڵام دەرخستنی ئەم وێنە مەرگەساتبارە ناتوانێت لۆژیکی ئەو سیستەمە نابەرابەرەی دابەشکردنی بابەتی بەرهەست کە هەژاری و برسیەتیی بۆ بەشێکی زۆر لە منداڵانی کۆڵەواری جیهان پێکهێناوە، بهێنێتە پێش چاو و ناوزڕاو و سووک و چرووکی بکات. ئەم شێوازە لە ئاپاراتووسی بینین، بە وتەی **سووزان سونتاگ**(١٣٩٢)، ئاکاری بینینی ئێمەی لەم سەردەمدا پێکهێناوە. دووربینی فۆتۆگرافی وەکوو ماشینێکی هەمووشتزان "چەکێکی هێرشبەرانەیە کە توندووتیژییەکی بنەمایی لە بەکارهێنانیدا ئامادەیە"، توندووتیژییەک کە بووە بە جۆرێک نێوەنجیی دەسەڵاتی جیهانی، و وێنە و ئیماژەکانی کۆمەڵگەی نواندن وەکوو کاڵایەک بۆ بەرخۆریی بەرفراوان(mass consumption)، بەرهەم دەهێنێتەوە( لە زاری پاپووا). ئەوەیە کە سونتاگ پێی وایە وێنەکانی کارەسات، خەریکن کارەسات بۆ بەردەنگ ئاسایی دەکەنەوە و دەیکەن بە مژارێکی پیاسەبینانە و کەمتەرخەمانەی تاکەکانی سەردەم، ئەوانەی کە بیر و هۆشیان لە لایەن کایەی بێبڕانەوەی ئیماژەکانەوە مەنگ و دەبەنگ کراوە و تووشی خەمساردی و خەمشەسەرێ هاتوون[5].



3 بۆ ئەم مەبەستە ئاماژە دەدرێت بە نەدیدەکردنی ئەتککردنی دووملیۆن ژنی ئاڵمانی پاش شکستی ئەو وڵاتە لە شەڕی دووهەمی جیهانیدا لە لایەن هێزەکانی براوەی شەڕ؛ هەروەها دەتوانین ئاماژە بە نەدیدەکردنی کارەساتی ئەنفال بدەێن کە هێشتا وەکوو ژینۆساید دانی پێدا نەنراوە.

4 کێوین کارتێر (kevin carter)، فۆتۆژۆرناڵیست خەڵکی ئەفریقیای باشوور، وێنەیەکی بەنێوبانگی لەژێرناوی «منداڵ و داڵەلاشەخۆر» لە ساڵی **١٩٩٣** لە گۆڤاری نیۆیۆرکتایمزدا بڵاوکرایەوە. ئەم وێنەیە لە **٢٣** مەی **١٩٩٤** لە زانکۆی کۆلۆمبیای ئەمریکا خەڵاتی پۆلیتزەری بردەوە. کێوین کارتێر لە **٢٧** جولای **١٩٤٤** دا لە پاش چەند قۆناغ خەمۆکی و کێشەی دەروونی خۆی کوشت.

5 سووزان سونتاگ لە کتێبی **سەبارەت بە وێنەگری**(1977)دا ئەم ڕاستییە دەردەبڕێت بەڵام پاشتر لە کتێبی **ئاوڕدانەوە لە ئازاری ئەویدی**(2003) بە جۆرێک لەم بانگەشەیە پاشگەز دەبێتەوە.

وێنە و پراکتیسی وێنەگرانە لە چوارچێوەی میکانیزمەکانی پیشەسازیی فەرهەنگ و سەرچەشنەکانی پاپ کاڵچەردا، و لە ڕەوتەکانی "**تۆمارکردن و وشکهەڵگەڕاندنی ئەزموون**"، "**زاڵبوون بەسەر ترس و ئاڵۆزکاویی شوێنی نامۆدا**"، "**گەشتیاریی کۆمەڵایەتی**"، "**خۆلێدان و خۆبەئەرکسپاردن لە هەمبەر دڵەڕاوکێی ناکارابووندا**"، "**ئەرێوتن و سەلماندنی واقیع**"، "**بەرخۆراندنی شوێن و ئیماژ**" و "**پووچەڵکردنەوە و ئاساییnواندنی کارەسات**"، تووشیاری داهێزراوی و سستییەکی بنەمایی دەبێت بەڵام هیچکات بەشێوەی تەواو و هەمەلایەنە لە ڕیزبەندیی هێماییینی ئەو سیستەمەدا ڕۆ ناچێت. سەرەڕای هاودەستیی حاشاهەڵنەگری چاوەزاری ماشینی دووربین و نیگای خوداسەروەرانە و سەرانسەربینانەی، ئەم هاوبەندییە ناتوانێ زێدەی ئۆبژە واتە بۆشایی بنەمایی شتەکان هەڵبلووشێت و ئاژاوە و ئاڵۆزکاوییان ڕاگیر بکات. کەلێنگەلێکی ڕاگیرنەکراوە لە ڕیزبەندیی هێماییینیدا خۆ دەنوێنێت کە دەرفەتێک بۆ سەرهەڵدانی کردەوە و دەستوبردی سووژە دێنێتە ئاراوە. واقیعمەندیی ئۆبژە و زێدە/بۆشاییە بنەڕەتییەکەی، نیگای تێڕاماوی دووربین تووشی تێکشکاندنێکی مەعریفەناسانە دەکات و شەپۆکی بوونناسانەی ئۆبژە لە بەرهەمهێنان و سەرهەڵدانی سووژەی ناکاو و ناوەختدا، تۆمار دەکات.[6] دەکرێت لە زاری بێنیامینەوە بڵێین وێنە سەرەڕای کەوتنە داوی گەردەلوولی نواندنەوە و بەئیماژبوون، ڕووشە و ئاسەوارێکی[7] لە "بەستێنی واقیع" لە هەناوی خۆیدا ڕاگرتووە. وێنە بە هۆی هەڵگرتن و تۆمارکردنی ئەم بەرکەوتنەی لەگەڵ زەمەن، هەرکات بۆی هەیە بەسەرهاتی مێژوویی خۆی لە هەڵگلۆفین و تێکگوشینی ڕەوتی زەمەن لە چرکەساتێکی ئێستادا بگێڕێتەوە و بە ئەنجامی بگەیەنێت.


***

**ڕابێرت کاپا**(١٣٩٧) لە ڕستەیەکی بەناوبانگیدا هۆشداری دەداتە وێنەگر کە "ئەگەر وێنەکانت ئەوەندەی پێویست چاک دەرنەهاتوون، بزانە کە بە ڕادەی پێویست خۆت لە بابەتی وێنەکەت نیزیک نەکردوەتەوە"(لە زاری مقیمنژاد، ل ١١٠). **جەمشید فەرەجوەندیفەردا** بە باشی ئەم ئامۆژگارییەی کاپای بەکارهێناوە و وەکوو تەکنیکێکی تایبەتی، خۆماڵی کردووەتەوە. ڕەنگە یەکێ لە هۆکارەکانی ئەم بابەتە، بەرچاوبوونی ئەم نیزیکییە بێت لە ژانری پۆرتێرەیتی جەمشیددا، بەڵام نیزیکی بە ئۆبژە چ لە ڕوانگەی فەزایی و چ لە سۆنگەی دەروونییەوە(هاودڵیی وێنەگرانە) وەکوو یەکێ لە تەکنیکە تایبەتییەکانی وێنەکانی ئەم هونەرمەندە دێتە ئەژمار. ئەگەرچی کاراکتێرەکانی وێنەکانی جەمشید کاراکتێرگەلێکی ماندوو و دەردەدار دەنوێنن بەڵام هاوکات بەشێوەیەکی ئایرۆنی، شادمان و هیوادارن.

---

6 ئەم باسە لە لایەن "**ئادۆرنو**" بەشێوەی زێدەبوون و نەگونجانی واقیع لە ژێر باندۆری چەمکدا ئاماژەی پێکراوە. هەروەتر وەکوو نەناسبوون و ڕاگیرنەبوونی بابەتی واقیع (the real) لە داڕێژگەی بواری هێماییندا لە لایەن "**لاکان**"ەوە هاتووەتە بەر باس.

7 لە نیشانەناسی وێنەدا باس لەوە دەکرێت کە پەیوەندی وێنە لەگەڵ واقیعدا چۆنە، لێرەدا ئاماژە بەو ڕوانگەیە دراوە کە ئەم پەیوەندییە بە شێوەی indexical ە، واتە وێنە بەرهەمی بەرکەوتنی ماددی و ماکەیی لەگەڵ واقیعدایە.




له وێنەی سەرەوەدا کە من ناوم لێ ناوە: "**ترس و گریان لە کلۆزئاپدا و سووکبوون و شەرم لە لانگ‌شاتدا**[8]"، لە ساتێکی هەستیار و ناکاو (peripateia)دا کە **ئانری بێرسۆن**(١٣٩٨) بە خاڵی یەکانگیری شتەکان و تەقینەوەیان لە تەشقی هەڵکشاندا ناودێری کردووە هەموو ئێلێمانەکانی وێنە، واتە ئیماژ، پەیکەربەندی و ناوەرۆک لەپڕ یەک دەگرن و لە تێکئالآنیاندا، زرت وێنەیەکی بێوێنە دەخولقێنن (بیت، ل ١٣٧). مۆمێنتی پرمە و پژانی گریان لە ڕوخساری ئەم مێرمنداڵەدا ئەو ساتە هەستیار و ئاوس‌بەتەقینەوە(pregnant moment)یە کە مەیلی وێنەگر بانگهێشت دەکات و قیژەی لەدایکبوونی وێنە بەرز دەکاتەوە. لە یەکەم ڕوانیندا بۆ ئەم وێنەیە شتێکی تایبەت و نەناس لە هەناوی ژێستی ئەم قوتابییە گچکەدا دەنگ دەداتەوە. ئەم زایەڵەیە ڕاماندەچڵەکێنێت و بەبێ ئەوەی لە پەیامەکەی تێبگەین سرتەیەک بە گوێماندا دەچرپێنێت. دۆخی خەمباری ئەم منداڵە هەژارە وەکوو تیرێک دەمانپێکێت و دەروونمان بۆش دەکاتەوە، واتە بە جۆرێک برینەکانمان دەکولێنێتەوە و کەلێنێک دەخاتە گیانمانەوە. **ڕۆلان بارت**(١٣٩٩) ئەم دۆخە هەژێنەر و ڕاکێشەرە کە بریندارمان دەکات و بەرەو قووڵایی ناهوشیارمان ڕۆ دەنێت بە دەستەواژەی پۆنکتۆم[9] وەسف دەکات. "پۆنکتۆم بانگەوازی خۆی بەرەوڕووی مەیل دەکاتەوە. بێئەختیار لە ئاستی جیهانی شرۆڤەهەڵگری ئیستۆدیۆم[10] پەڕتر دەڕوات، یاخود دزەی تێدا دەکات،

---

8 لێرەدا "لانگ‌شات"م بە واتای دۆخی گشتیی شوێن بەکار هێناوە، بەپێی پۆلێنبەندییەکانی کادربەندی ئەم وێنەیە لانگ‌شاتی مێدیۆمە نەک لانگ‌شاتی تەواو.

9 وشەی Punctum، هاوتای لاتینی وشەی Point ە، کە بارت بە پنتێک یان بەشێک لە وێنەی دەزانێت کە وەکوو دڕکێک لە گیانی بینەری هەندێ لە وێنەکان دەئاڵێت و بە خەستی دەیگەزێت.

10 Studum واتە ئەو پێشگریمان و بەستێنە فەرهەنگییە کە واتای وێنەکانی پێ دەخوێنینەوە و بەو چەشنە وێنە بە شتێکی ئاشنا و ناسێنراو لەقەڵەم دەدەین. بارت ئێستۆدیۆم لە هەمبەر پۆنکتۆمدا دادەنێت بەڵام دریدا ڕەخنە دەخاتە سەر ئەو بەرانبەرکێیە و پێی وایە هەرکامیان باڵکێشی ئەوی تر دەکات.(مەلکۆم بێرنارد لە کتێبی پەنجا نووسەری سەرەکیی وێنەگری، ئێدیتۆری مارک دۆردێن، ١٣٩٩، ل ٢٣١ تا ٢٤٠)

هەروەها خاڵێکی لاوەکییە کە وێنەگر ئاگاداری نەبووە"(شاوکراس، ل ١١٥). تەنانەت دەکرێت پۆنکتۆمی ئەم وێنەیە واتە تەواوی ئەو کەشوهەوا دڵکوت و هەژێنەرەی کە باسمان کرد لە قەڵش و کەلێنەکانی سەر دیواری پۆلەکەدا ببینینەوە. ڕووپەڕی کۆن و هەڵوەریوی دیوارەکە ئەگەرچی بە دەستەگوڵ و وێنە ڕازێندراوەتەوە بەڵام بە دەمبازکردن و زارکردنەوە دەیهەوێت تەواوی ئەو ئازارانەی لە جەستە و ژێستی منداڵەکە دایە بە بێدەنگی دەرببڕێت.

ڕووخسار، ژێست، جلوبەرگ و شوێنی ئەو کوڕە مێرمنداڵە ئاماژە بە دۆخێکی ئابووری و کۆمەڵایەتی دژوار و ناهەموار دەدات کە وەکوو ئاستەنگێک پێش بە پێشکەوتن و فێربوون دەگرێت و هاوکات تاوانی ئەو کێشەیە لە ئەستۆی خودی مێرمنداڵەکە دەهاوێت. ئەم دۆخە پەراوێزییە کە لەمپەر بۆ تێکەڵبوون و توانەوەی پەراوێزکەوتە لە پانتایی ناوەند دادەنێت بە وتەی **ژیل دێلۆز** چەشنێک ڕیزۆم و دۆخی مینۆرە کە بەرهەڵستی دۆخی ماژۆر دەبێتەوە و تێکچڕژان لە هاوسەنگی و تەواوکۆبوونیدا بەدی دێنێت. نووسراوەکانی سەر تەختەکە کە دورشمی شکۆ و والایی وڵاتی ئێرانی بەرز کردووەتەوە نوێنەرایەتی گوتاری ماژۆر دەکەن، ئەو گوتارەی کە پشتئەستوورە بە دەسەڵات و باڵادەستی و سەروەری. تەواوی دۆخی کارەساتباری ئەو مێرمنداڵە لە پرمەی گریانیدا و هەروەها لە ژێستی لەڕ و لاوازی جەستەیدا یەکانگیر دەبێت و وەکوو دژەستایلێکی فرەڕەهەند و بێناوەند بەرەنگاری ستایلی تاکناوەندی گوتاری داسەپێنەری سیستەمی پەروەردە و ڕاهێنان دەبێتەوە. لەم وێنەیەدا ئۆپەراسیۆنی ڕیزۆماتیک و دژەنواندنەوەی جەستەی منداڵە کوردێک، بە کاویانەوە و بێزمان، ڕیتۆریکی ماژۆری زمانی زاڵ بەرەوڕووی تەنگژە دەکاتەوە.

پیتێر ڤۆولێن (١٣٩٨) سێ چەشنە وێنە و وێنەگری لە ژانری داکیۆمێنتاریی کۆمەڵایەتیدا بەم جۆرە پۆلێن دەکات: چەشنی ژۆرناڵیستی(جەخت لەسەر ڕووداو)، چەشنی ڕەوایەتی(جەخت لەسەر ڕەوت) و چەشنی هونەری(جەخت لەسەر دۆخ)؛ و پێی وایە کە وێنەی هونەری لە ئاست جۆرەکانی تری وێنە(بە نموونە وێنەڕێپۆرتاژ)، لایەنی زەینی و دەربڕینەرانە(expressive)یان تۆختره و شێواز و ستایل لە نێویاندا بەرچاوترە(بیت، ل ١٣٣). وێنەکانی فەرجوەندیفەردا زۆرتر لە خانەی وێنەی هونەریدا دادەنرێن، واتە وێنەگەلێکی هونەری لە ژانری داکیۆمێنتاری کە هەوڵ دەدەن لە ڕێگای جۆرێک ڕیالیزمی کۆمەڵایەتییەوە دەنگ و ڕەنگی خەڵک بنوێننەوە. خەڵک لەم وێنانەدا خەڵکانێکی ئاساییین لە بەستێنی ژیانی ڕۆژانەی خۆیاندا، و سەرەڕای ئەوەی گیرۆدەی کێشە و گرفتەکانی خۆیانن بەڵام هیوادارانە دەژین و ڕەنج و شادمانی پێکەوە لە ئامێز دەگرن. هەر بۆیە دەتوانین بڵێین ئەم جۆرە وێنانە بە ئاراستەیەکی مرۆڤدۆستانەوە هەوڵ ئەدەن دەنگی بێدەنگکراوەکان و پرسی پەراوێزکەوتەکان بەرز بکەنەوە و کەناڵێکی دیمۆکراتیک بۆ دەرکەوتن و ڕوخسارنواندنی ئەوانەی بێڕوخسار کراون چێ بکەن[11].

[11] How The Other Half lives



وێنەکانی فەرەجوەندیفەردادا پیرەمێرد، منداڵ، ژن، کرێکار، شوان، وەرزێڕ، خوێندکار، ئاسنگەر و هتد، فیگۆرگەلێکی چالاک و بزۆزن بەڵام ماندووبوون و هێورییەکی قووڵ لە ڕوخسار و کردەوەیاندا دیار و بەرچاوە. ئەو بەستێنە خەڵکناسانە و کۆمەڵایەتییە کە لە وێنەکاندا خۆ دەنوێنێ، بە باشی لە گێڕانەوەی هۆکارەکانی ئەم ڕەنج و ئازارانەدا ئامادەیە و فامستی ئەم دۆخە ئاپۆریک و ئاڵۆزە بە شێوازێکی سادە و ساکار دەستەبەر دەکات. پۆرتێرەیتەکان و ڕەنگە تۆخ و کێوییەکانی وێنەکانی فەرەجوەندیفەردا جۆرێک داکیۆمێنتاریی کۆمەڵایەتین کە شەبەنگێ لە خەڵکانی نیشتمانی کوردستان لە بەستێنی ژیانی ڕۆژانە و هەروەتر لە ئاسۆی خەونەکانیاندا دەکێشێتەوە. ئایرۆنی و پلاری ئەم وێنانە لە هەمبەر کارکردی پڕۆپاگاندادا دەوەستێنەوە و وێنەی بانگەوازی کاندیداتۆرەکانی هەڵبژاردن لەسەر دیوارە گڵێنەکانی کۆخەچۆڵە فەرامۆشکراو و پەراوێزخراوەکان دەگۆڕێت بۆ چەشنێک "پڕۆپاگاندا بەرهەڵستی پڕۆپاگاندا".



فەرەجوەندیفەردا لە ڕێگای بەکارهێنانی ئاوێنە و قاپ لە هەندێ لە وێنەکانیدا، ژێستێکی چالاک لە کاراکتێرەکانی بەرهەم دەهێنێت و لەم چەشنە هونەرنواندن(photogenia)ەدا بە وتەی **ڕۆلان بارت**، پەیامی دەروونی لەسەر پەیامی بێڕەمزی کردەوەی سەرەتاییی وێنە، تۆمار دەکات(سونسون، ل٤١). ئەم چەشنە بەکارهێنانی "قاپ"ە، بە شێوازێکی داهێنەرانە ڕەوایەتێک لە قووڵایی وێنەکاندا دەهێنێتە زار، گێڕانەوەیەک کە بەپێی فرەچەندیی کادربەندیی و لە ئاسۆی پێرێسپێکتیوی "کادر لە کادر"دا، ئیماژەکان لە قووڵایی وێنەلەپاشوێنەدا ڕۆ دەبات. "قاپلەقاپ(en-abyme) لە وێنەگریدا واتە وێنەکان چلۆن بە گونجاندنی وێنەیەک لە وێنەیەکی تردا، وەکوو سەرچاوە ئاماژە بە خۆیان دەدەنەوە. بۆ ئەم مەبەستە گونجاندنی ئاوێنە لە نێو وێنەدا ئامێرێکی ئایدیالە"(دردن، ١٣٩٩: ٤٧٨ ). ئەم دابڕانە لە پێرێسپێکتیو، بەشێوەیەکی بەدیهێنەرانە سووچی بینین و هێڵەڕێگای نیگای تاکڕەهەندانەی وێنەگر بەرەوڕووی تەنگەژە دەکاتەوە و قەیرانی نواندنەوە لە تێکدانی سنوورەکانی دیتن و ئاقارەکانی دەروونی /دەرەکیی فەزادا، ئاشکرا دەکات. وێنەی لەقاپکێشراو جێنشینی ڕوخساری کەسەکان دەبێت، پیرەمێردێ لە ڕێگای ئاوێنەوە قاپی وێنەیەک بۆ هاوسەرەکەی دەبەستێت، تارامایی ڕوانینەکان لە ئەودیوی دەلاقەکانەوە چاویان بەرەو ناشوێن بڕیوە. دەرگای ئاوەڵا و ڕۆشناییی ناوەوە، گینگەڵەی دالانە تاریکەکان لە هەناوی ئەوانەی پشتی دیوارەکان دەپرژێنن و قاپی وێنەیەک بۆ نواندنیان بەرهەم دەهێنن. هارمۆنیا و ڕێزمانی ئەم وێنانە لە ڕەوتی "کادر لە کادر"دا، دیالێکتیکێکی بێئەنجام لە نیگاکان و قاپبەندییە بێکۆتاییەکان دەستەبەر دەکەن و ئاژاوە و قەیرانی بینین لە وێنەکانی فەرەجوەندیفەردا وەپێش چاو دەخەن.



ستوارت هاڵ(1997) سەبارەت بە ڕەوتی نواندنەوە(representation) و دەوری زمان لە پێکهاتنی واتادا سێ دەستە بۆچوونی جیاواز دیاری دەکات؛ یەکەم ئەو بۆچوونانەی کە پێیان وایە کە واقیع ڕەنگدانەوەیەکی ڕاستەوڕاست و ئاوێنەیی لە زماندا هەیە و زمان بە شێوەیەکی ئاسایی و ڕاستوڕاست واتای دەرەوەیی دەگوێزێتەوە(reflective)، دوویەم ئەو بۆچوونانەی پێیان وایە زمان تەنێ مەبەست و کەڵکەڵەی خاوەنی دەق(بێژەر، نووسەر یان نیگارکێش) دەردەبڕێت(intentional)، سێیەم ئەو بۆچوونانەی کە زمان بە پێکهێنەری واتا دەزانن(constructionist)(P. 15). بۆچوونی سێهەم پێی وایە نە واقیعی دەرەوەیی و نە مەبەست و ئەنقەستی

داهێنەر هێچکام سەرچاوەی واتا نین بەڵکوو ئەمە سیستەمی نواندنەوەی زمانە کە لە ڕێگای نیشانە و هێماکانیەوە واتا بەرهەم دەهێنێت. لە هەندێ لە وێنەکانی فەرەجوەندی فەردا ئاوێنە دەورێکی سەرەکی دەبینێت و دۆخێکی ئاڵۆز بۆ پێگەی بینەر و بینراو و هەروەها نیگای سەرەکی و ناوەندی ساز دەکات. لەم وێنەی خوارەوە، وێنەگر هەم لە وێنەکەدا هەیە و هەم نییە(کایەی ئامادەیی و نائامادەیی)، واتە وێنەگر لە ئاوێنەدا دەرکەوتووە و هاوکات بێ‌نیشان(بێ‌سەر) کراوە. تێهەڵکێشبوون و تێکپژانی نیگاکان ئاڕاستەی نیگای سەرەکیی ون کردووە و ئێمە لەگەڵ کۆمەڵێک نیگای سەرگەردانداا بەرەوڕوو دەبینەوە کە هیچکامیان لە پێگەیەکی باڵادەستدا جێگیر نابن. ئەمانە و کۆمەڵێ پرسیاری دیکە سووژە، ڕوانین، بینایی و بابەتی دیدەوەرانە پرۆبلێماتیک دەکەنەوە و ئەو بۆچوونە دەسەلمێنن کە نواندنەوە تووشی قەیران هاتووە و واقیع و واتای سەرەکی ون بووە[12].



ڕەهەندێکی دیکەی وێنەکانی فەرەجوەندی‌فەردا کەڵک‌وەرگرتنی بەجێ و تێکەڵ بە وەسواسە لە تەکنیکی بینەرانەی کۆنتراست. ڕەنگەکان و سێبەرە ڕۆشنەکان لە هەندێ لە وینەکانیدا جار بەڕێکەوت و جار بەشێوەیەکی دەستکاری‌کراو؛ لە ڕێگای تەکنیکی جوانن‌ویێنی(aestheticism)یەوە، تۆکمەیی و تیژایی یەکتریان بەرجەستە کردۆتەوە و جوانی و خۆبزواندنێکی تایبەتیان بۆ وێنەکان هێناوەتە کایەوە. سێبەرەکان لە وێنەکانی فەرەجوەندی‌فەردا تەنیا تەکنیکێکی بینەرانە نین کە وەکوو تەواوکاری کەسەکان و شتەکانی نێو وێنەکان کردار بنوێنن؛ سێبەرەکان موتیڤگەلێکی دژەواتاخوازن کە لە دووی هەموو فیگورە بینراوەکانی سەر تەختەی شانۆ کەوتوون و هەوڵی بەسێبەرکردنیان وەگەڕ دەخەن.

[12] هاڵ جۆرێک لەم لێکدانەوەیە لە شرۆڤەی فۆکۆ بۆ تابلۆی لاس‌مێنیناس(دەرووەست یان بەردەست) بەرهەمی نیگارکێشی سپانیایی سەدەی هەڤدە، ڤێلاسکۆس(1660-1599)، دەبینێتەوە و لێکدانەوەی تێروتەسەلی بۆ دەکات.(هەمان سەرچاوە)

ئەو پۆرتێرانەی هەموو ژیانی خۆیان لە جەنگەی ڕەنج، تەنیایی و پەراوێزکەوتندا تێپەڕ کردووە و بەردەوام لە تارمایی سێبەردا ژیاون، لە ژێر قورسایی سێبەری "سێبەر"دا تووشی دڵەڕاوکێیەکی مەنگ و مەرگئاسا هاتوون. لە وینەکانی فەرەجوەندیفەردا هەموو شتێ بەپێی باوی هەمیشەیی دەڕواتە پێش و ئەمە لە بۆچوونی بێنیامیندا ڕێک خودی کارەساتە. کارەسات لە ئەگەری ڕوودان و هاتونەهاتدا نییە بەڵکوو هەمان سرووشتی وشکەڕۆ و بێ‌گیانی سێبەرەکان و بەتارماییبوونەکانە کە شەبەنگی سێبەرەکانی لە کۆبەرگی "شەبەنگی کوردستان"دا بە زار و پەیڤی وێنەکان ڕەوایەت کردووە.



**سەرچاوەکان:**


بیت، دیوید(۱۳۹۸) **مفاهیم عکاسی**، ترجمه محمدرضا رئیسی و مارال زیاری، تهران: حرفه نویسنده

دهقانی، آرش و جهانیان، گل‌آرا(۱۴۰۰) **رؤیت پذیری و عکاسی**، مجموعه مقاله، تهران: عکسخانه، چاپ دیجیتال

رانسیر، ژاک(۱۳۹۳) **سیاست زیباشناسی**، ترجمه امیرهوشنگ افتخاری‌راد و بابک داورپناه، تهران: نشر زاوش

سونسون، گوران(۱۳۹۶) **نشانه‌شناسی عکاسی**(در جستجوی نمایه)، ترجمه مهدی مقیم‌نژاد، تهران: نشر علم

شاوکراس، ننسی ام(۱۳۹۹) **رولان بارت** در **"پنجاه نویسنده کلیدی عکاسی"**، ویراسته‌ی مارک دردن، ترجمه نسرین طالبی سروری و محمدحسین خسروی، تهران: نشر بیدگل

کرِری، جاناتان(۱۳۹۹) **بینایی و مدرنیته**، ترجمه مهدی حبیب‌زاده، تهران: انتشارات بان

مقیم‌نژاد، مهدی(۱۳۹۷) **عکاسی و نظریه**، تهران: انتشارات سوره مهر

پاپووا، ماریا(۱۳۹۲) **راهنمای عکاسی سوزان سونتاگ در عصر فرهنگ دیجیتال**، در سایت:

http://akskhaneh.com/story/susan-sontag-photography-and-social-networking

Hall, Stuart(1997). The Work of Representation, In Cultural Representation and Signifying Practice, Sage Publication. In: http://www.sholetteseminars.com/wp-content/uploads/2020/09/hall-representation.pdf